بەغدا و دەوڵەت لەسەر پتەوکردنی وەبەرهێنان و هاریکاری هاوبەش دەکەون

دکتۆر مەحمود مشهەدانی سەرکی پەرلەمان لە نوسینگەی تایبەتی خۆی پێشوازی لە بڕێز سوڵتان کوبەیسی باڵیۆزی قەتەر لە بەغدا کرد.

لە سەرەتای دیدارەکەدا دکتۆر مەشهەدانی بەخێرهاتنی باڵیۆزی کرد و جەختی لە قووڵایی پەیوەندیی برایەتی نێوان عێراق و دەوڵەتی قەتەر و پێویستی پەرەپێدانیان بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەلی برا کردەوە.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پێشهاتەکانی ناوچەکە کرا، وتیشک خرایەسەر لایەنی ئابووری و بازرگانی.

مەشهەدانی جەختی لە گرنگی هاتنە ناوەوەی کەمپانیا قەتەرییەکان بۆ بازاڕی عێراق و کارکردن بۆ سوودوەرگرتن لە دەرفەتە ئومێدبەخشەکان لە سەرانسەری کۆرتە جیاوازەکاندا کردەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، پەرلەمان پاڵپشتی هەموو هەوڵەکان دەکات کە

ئامانجیان هاندانی کۆرتی تایبەت و دامەزراندنی گەنجان و ئاوگەڵی شارەزایی لە بوارەکانی ئابووری و وەبەرهێنانەیە.

لای خۆیەوە باڵیۆز کوبەیسی خواستی دەسەزی وئاتەکەی دەربڕی بۆ بەرزکردنەوەی هاریکاری لەگەڵ عێراق و

چوونە ناو بازارێ ئومێدبەخشەکەی، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق، بە شێوەیەک کە هاوبەشییەکی بەرهەمدار بەدەستبهێنێت و یەکخستنی ئابووری نێوان هەردوو وڵات بەرز بکاتەوە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا هەردوولا پابەندبوونیان بە بەردەوامی پەیوەندی و هەماهەنگی بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و بەرزکردنەوەی هاوکاریی برایانە لە نێوان عێراق و قەتەر دووپاتکردەوە.